

# پیشۆڵەی زیرەک

ئەو ڕۆژە "کەنار خان" بەتەنها لە ماڵەوە بوو. دوای ئەوەی ماڵەکەی خاوێن کردەوەو قاپو قاچاغەکانی شت، دەستی کرد کەنارخان زۆر حەزی لەئیشی ماڵە بە کۆشش کردن.

دوای کەمێك لەناو ژوورەکەدا گوێی لە فڕکە فڕکێك بوو. سەری هەڵبڕی پیشۆڵەیەکی دی کە بە شڵەژاوی بەناو ژوورەکەدا ئەفڕیو لە هاتنو چۆوندا بوو، تاوە نا تاوێك کە ماندوو ئەبوو، یا لەسەر تەلەفزیۆنەکەیا لەسەر کورسییەکەیا هەر کوێیەك بۆی ڕێك بکەوتایە ئەنیشتەوەو کەمێك وچانی بۆ ئەدا.

پیشۆڵەکە زارە ترەك بوو بوو. بۆ شوێنێك ئەگەڕا کە لێوەی بچێتە دەرەوە بەلام هەرچەندی ئەکردو ئەکۆشا سوودی نەبوو. چونکە دەرگاو پەنجەرەکانی ئەو ژوورە هەمووی داخرا بوون.

کەنار خان هەروا سەیری ئەکردو وتی:

-سەیرە! تۆ بڵێی ئەم بەسزمانە لە کوێوە هاتبێتە ژوورەوە؟

هەستاو بەووردی سەیری دەرگاو پەنجەرەکانی کرد. هەمووی داخرا بوون.

– تۆ بڵێی ئەم پیشۆڵەیە چۆن هاتبێتە ژوورەوە !؟ خۆ پەنجەرەکانیش داخراون. کەنار سەری سوڕما بوو. هەروەها پیشۆڵەکەش سەری سووڕما بوو، پیشۆڵەکە لەبەر ئەوە سەری سوڕما بوو کە هەر ئەگەڕاو ئەو شوێنەی نەئەدۆزییەوە کە لێوەی هاتبووە ژوورەوە ! کەناریش لەبەرئەوە سەری سووڕما بوو کە هەموو شوێنێك گیراوەو هیچ ڕێگەیەك نییە کە هیچ شتێکی لێبێتە ژوورەوە.

کەنار چوو بۆ لای دەرگاکەوەو ویستی دەرگاکەی بۆ بکاتەوە تا لێوەی بچێتە دەرەوە. بەڵام کتوپڕ لەوە پەشیمان بووەوە:

– جارێ دەرگاکەی بۆ ناکەمەوە، با بزانم چیدەکات!؟ بەڵکە خۆی ئەو شوێنە بدۆزێتەوە کە لێوەی هاتووەتە ژوورەوە. بەمەش یارمەتی من ئەدات.

ڕیشـۆڵەکە ئـەوەندە فڕکـە فڕکـێ کردبـوو لەپـەلو پـۆ کـەوتبوو. بـە هێمنـی لـەلای پەنجەرەکـەوە لەســەر ڕووەکـی ئینجانەکـە هەڵنیشـتبوو. کـەزانی ئـەو مرۆڤـەی وا لـە ژوورەکەدایە کیژێکی ژیرەو ئازاری نادات و نایەوێ بیگرێ، بۆ خۆی بە ئاسوودەیی و بێ خەم بوو بوو. بیری ئەکردەوەو لەدڵی خۆیدا ئەیووت:

– باشـە، ئـەی بۆچـی ی ئـەڵێن مـرۆڤ ئـازاری پەلـەوەر ئـەدات؟ گوایا ئـەی ئـەم کیژە مرۆڤ نییە؟

پاشان هەر خۆی وەڵامی خۆی ئەدایەوە:

– ئەمانیش دوو بەشـن، هـەندێکیان باڵندەیـان زۆر خـۆش ئـەوێت، بـەڵام هــەندێکی تریـان هـەر حـەزیان لـە ئـازار دانمانـە. کوڕە نـەك هـەر ئـازاردانی ئێمـە بەڵکـە ئـازاری یەکتریش ئەدەن! کەنار دوور بە دوور لەگەڵ ڕیشۆڵەکەدا دەستی بە گفتوگۆ کرد:

– ڕیشۆڵەی جوان: مەترسە ناتگرم و ئازارت نادەم. بەڵام هەر ئەوەندەم پـێ بڵـێ لـە کوێرە هاتیتە ژوورەوە؟. ئەوسا ئازادت ئەکەم و بۆ خۆت بڕۆ.

ڕیشۆڵەکە ووتی:

–نازانم. هەر بیر ئەکەمەوەو ڕێگەکە نازانم!

– ڕیشۆڵەکە سەری دانەواند بوو. بیری ئەکردەوە. لەسەر ئەو ئینجانەیەوە کـەلێی نیشتبووەوە فڕیە سەر ئینجانەیـەکی تـر، کـەمێك بۆی وەسـتا. دیسـانەوە چـووە سـەر ئینجانەیەکی تر لەوێش کەمێك مایەوە، پاشان دیار نەما. کاتێك "کەنار" بەخۆی زانی ڕیشۆڵەکە وا لەسەر تەلی کارەباکەو خۆی ئەخورێنێ!.

"کـەنار خـان" زۆر سـەری سوڕما. "تۆ بڵێـی ئـەم ڕیشـۆڵەیە "هێـن" نـەبێ!؟ چـۆن هاتوچۆن چووە دەرەوە!؟ سەیرە!. بەخوا سەیرە!.

ئەمەی وتو لە پەنجەرەکە نزیك بووەوە، بەوردی لە پشت ئینجانەکانەوە کە بـەری شوشەکانی خوارەوەی پەنجەرەکەی گرتبوو، کونێکی بچکۆلـەی دی کە جێـی بـەردی

دارلاستیك بوو، هەروەها لەتە کرمێکیشی دی لەبەر کونەکەدا کەوتبوو. توومەز ڕیشۆڵەکانی تر بۆ ئەوەی کرمەکەی لێ بسێنن ڕاویان ناوەو ئەویش لەتاوا خۆی کردووە بەو کونەدا.

کەنار لە هەموو شتێك گەیشت. لەبەرئەوە دایە قاقای پێکەنین‌و بای بای لە ڕیشۆڵەکە کرد، وتی:

– ئافەرم ئەی باڵداری بەهۆش‌و گۆش! بەڵام لەمەودوا ئاگات لەخۆت بێت کە :

"لە تاو نەوس نەکەویتە حەوز"



# پڵنگ و ڕاوكەر

٧

هەبوو نەبوو کابرایەکی ڕاوچی هەبوو ناوی مام زۆراب بوو. زۆر دەستو نیشانەی ڕاستبوو. هەر نیشانەیەکی بگرتایەتەوە دەمو دەست لێی دەدا. هەر جارە کە دەچوو بۆ ڕاو بە دەستی بەتاڵ نەئەگەڕایەوە. لەگەڵ خۆیدا هەر هیچ نەبوایە کەروێشکێك، یەك دوو کەو، چەند کۆترە شینکەیەکی ئەکوشتو دەیهێنایەوەو لەگەڵ ژنو منداڵەکانیا بە دڵخۆشییەوە ئەیانخوارد.

مام زۆراب لەگەڵ ئەوەدا کە ڕاو کەرێکی کارامەو لێهاتوو بوو دڵیشی پڕ لەبەزەیی بوو، کە نێچیرێکی ئەکوشت پێی ئەوت:

–ئەبێ لێم ببوریت، چارم ناچارە، ڕاوتان هەر کراوە!

–ڕۆژێك لە ڕۆژان دوای ئەوەی مام زۆراب لە ئیشو کارەکەی بووەوە، تفەنگەکەی کردە شانیو ڕووی کردە کێوەکە. بەدەم ڕۆیشتنەوە جگەرەیەکی پێچایەوەو دایگیرساند. بیری لە دەسەڵاتی مرۆڤ ئەکردەوە کە هەموو شتێکی بەخۆی ڕەوا بینیوە. هەر چەندی ئەکردو ئەکۆشا نەیدەتوانی ئەوە بە خۆی بسەلمێنێ کە کوشتنو ڕاوکردنی ئەم گیانەوەرە بێدەسەلاتانە، بێ زمانانە ڕاست بێت.

–چونکە ئەوانیش وەك مرۆڤ حەزیان لە ژیانەو دڵیان بە ژیان خۆشە. بەڵام دوای تاوێك لەو بۆ چوونەی پەشیمان ئەبووەوە بەخۆی ئەوت:

– زۆرابە تۆ بڵێ چیت لەم سەر یەشەیە داوە! ئەم کارە ڕاست بێتو ڕاست نەبێت خاوەن دەسەلات هەر زۆر دار بووەو بەشی بێدەسەلاتانی خواردووە.

مام زۆراب گوێی لە نەڕەو نرکەیەکی گەورە بوو. دەمودەست بەپەلە بە دەنگ نەڕەکەوە چوو سەر بەرزاییەك کەوت، بەهەر چوار لای خۆیدا ڕوانی. لەبن بەردێکدا چاوی بە پڵنگێك کەوت کە لەسەر زەوییەکە ئەتلێتەوە! مام زۆراب لە دڵی خۆیدا وتی:

–ئەوە چییە؟ ئەو پڵنگە بۆ وا ئەکات؟ هەبێو نەبێ بریندارە، وا باشە ئەم هەلە لەکیس خۆم نەدەم. ئەم زۆر دارە لە کۆڵ خەڵکی بکەمەوە.

مام زۆراب ئەوەی وتو خۆی دایە پەنا بەردێك. ڕووی تفەنگەکەی تێکردو زرمەی لێهەڵساند. بەڵام لەبەر ئەوەی پڵنگەکە لە هەڵبەزو دابەزدا بوو بەری نەکەوت. پڵنگەکە گوێی لە دەنگی ئەو تەقەیە بوو. هەر چۆنێك بوو هەڵساو بەشەلە شەل ڕووەو شوێنی تەقەکە چوو.

مام زۆراب بە گورجی فیشەکێکی تری بەر تفەنگەکەی خست. لەوەدا بوو بیتەقێنێ پڵنگەکە گەیشتە نزیك مام زۆراب و لەوێدا خۆی دا بەزەویداو لێی درێژ بوو. بەچاوی پڕ لە فرمێسکەوە ئەیڕوانییە مام زۆراب.

مام زۆراب کە ئەوەی لە پڵنگەکە دی بەزەیی پیا هاتەوەو لەدڵی خۆیدا وتی:

– هەبی و نەبێ ئەم پڵنگە شتێکی لێ بەسەرهاتووەو داوای یارمەتیم لێئەکات!.

ئەوەی وتو لە پڵنگەکە نزیکبووەوە. بە ووردی تێیڕوانی، بینی وا خوێن لەڕانی ئەچۆڕێت. پارچەیەکی لە پشتێنەکەی کردەوەو توونت توونت بۆی بەست.

تاوێك بە دیارییەوە مایەوە. تاوەو دوا پڵنگەکە هەستایە سەرپێ، بە چەند هەنگاوێکی لەسەرخۆو بەشەلە شەل خۆی لە مام زۆراب نزیك کردەوەو خۆی تێهەڵسوو وەکو پێی بڵێت:

– سوپاست ئەکەم بۆ ئەو یارمەتییەی دام!

مام زۆرابیش چەند جارێك دەستی بەسەرو گوێلاکیا هێنا. تفەنگەکەی کردەوە شانی ویستی بڕوات. چەند هەنگاوێك لە پڵنگەکە دوورکەوتەوەو لە بەرخۆیەوە دەیوت:

– با ڕاوی ئەمڕۆمان ئەم چاکەیە بێت. پێشینانمان ڕاستیان کردووە کە وتوویانە "چاکە بکەو بیدە بەدەم ئاوەوە".

مام زۆراب ویستی بەدەم ڕێگاوە جگەرەیەك ببێچێتەوە، کیسەو توونەکەی دەرهێنا. لەپڕ گوێی لە نەڕەیەکی گەورەی پڵنگەکە بوو.

مام زۆرابی دڵساف و بێگەرد ووریا بووەوە. ئاوڕی دایەوە بینی پڵنگەکە بە ڕقەوە سەیری ئەکات و دانەکانی لێی جیڕکردووەتەوە، لەوەدایە پەلاماری بدات!

مام زۆراب خێرا لە نیازی چەپەڵی پڵنگەکە گەیشت و خۆی گەیاندە پەنا بەردێك و تفەنگەکەی لەشانیدا گرت و خستییە سەرپێ. بەر لەوەی پڵنگەکە پەلاماری بدات زرمەی لێهەڵساندو پێکای، پێی وت::؛

– بگرە لێم ئەی بێویژدانی سپڵە!.

پڵنگەکە کەوت و لە خوێنی خۆیدا گەوزا.

مام زۆراب هەر بەوە لێی نەگەڕا. لێی نزیکبووەوەو فیشەکێکی تری نا بەکەللەی سەرییەوە. کە زانی گیانی تیا نەماوە خۆی بە خۆی وت:

– دەستت خۆش زۆرابە! بە خۆڕایی ناوت بەدەست ڕاست دەرنەچووە! ئەمەی وت و پشوویەکی داو جگەرەیەکی پێچایەوەو دایگیرساند. چەند مژێکی قووڵی لێداو دیسانەوە وتییەوە:

– ڕاستە پێشینان وتوویانە: "چاکە بکەو بیدە بەدەم ئاوەوە! بەڵام لەگەڵ سپڵەو زۆردارا نا.

ئەوەی وت و هەڵساو گەڕایەوە بۆ ئاواییەکە. خەڵکی لەو بەسەرهاتە ئاگادار کرد. پیاوان و منالانی گوندەکە چوون بۆ ئەو شوێنە تا بە چاوی خۆیان ئەو زۆردارە ببینن. هەر لەوێدا پڵنگەکەیان کەوڵ کردو پێستەکەیان دا بە مام زۆراب تا لە ماڵەکەیدا بۆ یادگار هەڵی بواسێت!.



# سەگ كوژ

سلێمانی، ئەو کاتەی کە ئێمە منداڵبووین، شارێکی زۆر بچکۆلانە نەبوو. دەورو بەری هەمووی دەشت و چۆڵەوانیبوو. ئەو کاتە گەڕەکەکەمان هەر لە ڕووی بازاڕەوە ڕێگەی هەبوو کە خەڵك هاتووچۆی پیادا بکات. ئیتر ڕێگەیەکی کەی نەبوو. لەبەرئەوە ئەو چەند ماڵەی تیایدا بوو هەر بەیەك ماڵ ئەزانراو پیاو ژن و منداڵیان هەر بەیەك خێزان سەیر ئەکراو لە هەموو بۆنەیەکدا، لە خۆشی و ناخۆشی‌دا بە دەنگی یەکەوە ئەچوون.

کوڕێکمان تیا بوو بە تەمەن لە هەموومان گەورەتر بوو، ڕۆژێکیان چوو بوو بۆ دەشت، لەو سەرەوە هاتەوە پڕ سەبەتەیەك تووتەڵە سەگی بە دیاری هێنایەوە بۆ گەڕەکەکە. لەناو ژنانی گەڕەکدا دەنگە دەنگی ناڕەزایی و بێزاری بەرز بووەوە!:

– هەی سەرت لە قوڕنێی بۆ خۆت و شتێك کە هێناوتەوە بۆ ئەم گەڕەکە!.

– هەتیو تۆ بڵێ ئەم بەڵایە چی بوو بۆ ئێمەت هێنا، ئەی بەڵامان لێدایت!.

– دەی بڕۆ لە کوێ هێناوتن بییان بەرەوە بۆ ئەوێ!

بەڵام بەلای منداڵانەوە وا نەبوو، هەموو بەخۆشی خۆشییەوە پێشوازیمان لەو تووتەڵە خرپنانە کرد. هەر یەکەمان داوای تووتەڵەیەکمان لێدەکرد.

خاڵە هۆمەر پیاوێکی پڕ بەزەیی و خۆشەویستی گەڕەکەکەمانبوو. کە هاتەوە بەسەر ئەو دەنگو هەرایەدا کە ئەو هەموو تووتەڵەیەی دی لە کوڕەکەی پرسی:

– ڕۆڵە ئەم تووتەڵانەت لەکوێ بوو؟

– خاڵە، بەخوا لەو دەشتە لەبن بەردێکدا بوون!

– کوڕم ئەی دایکەکەیان لەوێ نەبوو؟ پەلاماری نەدایت؟

– خاڵە دایکیان لەلایانەوە تۆپی بوو. ئەمانیش لەبرسانا گوانەکانیان ئەمژی، بەڵام سەگ کە تۆپی گوانەکانی شیریان تیا نامێنێ.

– ئافەرم کوڕەکەم دیارە زیرەکیت!.

- ئەی چۆن خاڵە من (مەکتەب لیم) ئەو شتانە چاك ئەزانم.

خاڵە وتی:

- کەواتە بەزەییت پیایاندا هاتووەتەوە!؟.
- بەڵێ خاڵە.

خاڵە هۆمەر دوای ئەوەی خەڵکەکەی هێور کردەوە بڕیاریدا کە بۆ سبەینێ لە سووچێکی تەنیشت ماڵی خۆیانەوە "کە باش بۆ ئەو مەبەستە ڕێك کەوتبوو" کولانەیەکی خانوو "ئاسا" یان بۆ دروست بکەن. بەخێو کردنیشیان خرایە سەر شانی هەموان. جارێ هەتا "تووتەڵەن" بەشیر پەروەردە بکرێن، پاشان کە گەورە بوونو لەخەم ڕەخسین بەڕەڵڵا بکرێنو بۆ کوێ دەچن بچن. بەماوەی دوو هەفتە تووتەڵەکان خڕکەڵەو گەورە بوون. لەو ناوەدا بە ئارەزووی خۆیان ئەهاتنو ئەچوونو سەریان بە هەموو ماڵێکا ئەکرد. پشیلە لەو ماڵانە بە حەوت فرسەخ دوورکەوتبوونەوە. "چونکە پشیلە زۆر لەسەگ ئەترسێ".

منالان هەموو هۆشو گۆشێکیان دابوو بەیاری کردن لەگەڵ تووتەڵەکاندا. کە ئەمەش گەورەکانیانی زۆر بێزار کردبوو. خوا خوایان بوو لەو بەلایانە ڕزگاریان بێت. بەڵام لەبەر منالەکانو خاڵە هۆمەر نەیانئەوێرا هیچیان لێ بکەن.

ڕۆژێکیان بەیانی زوو دەنگە دەنگو گریان گەڕەکی خەبەر کردەوە. خەڵکەکە هەموو لە "چیغە" کانیان هاتنە دەرەوەو لەسەربانەوە سەیری ناو کۆلانەکەیان ئەکرد:

- چییە؟ ئەوە چی قەوماوە!؟
- کوڕە خاڵە هۆمەر بزانە ئەو منالانە بۆچی ئەگرین!؟
- چی نەبێ، خۆ سەگبابانە هەموو تووتەڵەکانیان دزیوەو کولانەکەشیان تێکداوە.
- کێ ئەوەی کردووە؟

**کەس وەڵامی نەدایەوە.**

**منالان تا توانییان گریان. پرسەو ماتەمینی تێکەڵ بە خۆشیو شادی خەڵکی گەڕەکەکە بوو.**

**ماوەیەکی پێچوو پەردە لەسەر نهێنییەکان هەڵدرایەوە. تومەز دائیرەی "بەیتەرە" دەستی کردووە بە لەناوبردنی سەگ بە گەورەو بچووکیانەوە. چونکە نەخۆشی "تاعون" بڵاوبووەتەوە. چەند کەسێکیان داناوە بە "سەگ کوژ" ئەمانە تفەنگیان پێ بوو بە هەموو لایەکی شاردا ئەگەڕانو هەر سەگێکیان بدیایە ئەیانکوشتو بەرامبەر بەهەر سەگێك (٢٥٠)فلسی ئەو کاتەیان وەرئەگرت. ئەی کەواتە "سەگ کوژ"ێك هەیە واز لە (٢٥٠)فلس بهێنێ کە بۆ ئەو ڕۆژە پارە بوو پارە!!.**



# زەڕنەقووتەکان

هێلانە چۆلەکەیەك بەسەر درەختێکەوە بوو. زەڕنە قووتەکانی ناو ئەو هێلانەیە بە جیوە جیو باڵندەکانی ناو دارستانەکەیان بێزار کرد بوو. چونکە دایکیان لە بەیانی زووەوە چوو بوو خۆراکیان بۆپەیدا بکاتو نەگەڕا بووەوە.

یەکێك لە زەڕنە قووتەکان دڵخۆشی ئەدانەوەو ئەیوت:

– خوشكو برا نازدارەکانم، بەس جیوە بکەن. ددان بە خۆتاندا بگرن، هاکا دایکمان گەڕایەوەو خۆراکی خۆشو بەتامی بۆ هێناین.

زەڕنە قووتەیەکی تریان بە بێزارییەوە وتی:

– زۆرمان برسییە وا لەبرساندا گیانم دەرئەچێت.

زەڕنەقووتەی یەکەم ووتی:

– ئەزانم برسیتانە. منیش وەك ئێوە برسیمە. بەڵام ئەبێت ئارام بگرین تا دایکمان دێتەوە. زەڕنە قووتەکان لەو قسانەدا بوون کە سێبەرێك لە هێلانەکەیان نزیك بووەوە. وایانزانی کە دایکەکەیانە. لە خۆشیاندا کەوتنە زیکە زیكو دەمیان دا پچڕی بۆ ئەوەی دایکەکەیان ئەو خواردنەی بۆی هێناون بیکات بە دەمیانەوە. بەڵام سێبەرەکە بەسەریاندا تێپەڕی.

یەکێك لە زەڕنە قووتەکان بەماتییەکەوە وتی:

– کوا خۆ دایکمان نەبوو.؟.

زەڕنە قووتەکە پێی ووتەوە:

– پەلە مەکەن. هەر ئەوەندە بزانن دایکمان هاتەوە.

زەڕنە قووتەیەکیان بەدەم هەنسکەوە وتی:

– من ئەڵێم دایکمان نەماوە، ئەگەر بمایە دەمێك بوو کرمێکی زلی بۆ هێنابووینەوە.

یەکێکی تریان گوتی:

– بەڵامدا لەو منداڵەی باوکمانی کوشتو ئێمەی وا بێ باوك کرد.

**هەموویان پێکەوە دایانە پرمەی گریان.**

**یەکێکی تریان گوتی:**

**– ئەبێت کە فێری فڕین بووین، ئاگامان لە خۆمان بێت تاوەکو باوکمانمان بەسەر نەیەت.**

**هەموو زەڕنە قووتە برسییەکانی ناو هێلانەکە پێکەوە وتیان:**

**– وایە ئەبێت زۆر ئاگامان لە خۆمان بێت.**

**زەڕنە قووتەکان زۆریان چاوەڕوان کرد، بەڵام دایکیان هەر نەهاتەوە.**

**زەڕنە قووتەی یەکەم لەدڵی خۆیدا وتی:**

**– بەڕاستی زۆر سەیرە! هەرگیز دایکمان کە چووەتە دەرەوە ئەوەندەی پێنەچووە تۆ بڵێی جارێکی تر پێی شاد بینەوە؟**

**خۆرەکە وورده وورده بەرەو ئاوا بوون ئەچوو. دەورو بەری هێلانەکە تاریکبوو. گیانلەبەرو باڵندەی ناو دارستانەکە هەموو گەڕابوونەوە. زیکە زیکی زەڕنە قوتەکانیش تا ئەهات بەرزتر ئەبووەوە. برسێتیو تینووێتی پەرێشانی کردبوون.**

**ناو دارستانەکە تا ئەهات تاریکتر ئەبوو. بەڵام دایکیان هەر نەگەڕایەوە.**

**هەر بەرانبەر هێلانەی زەڕنە قووتەکان چەند هێلانە چۆلەکەیەکی تر هەبوون. ئەو چۆلەکانە دراوسێیەتییان ئەزانی. بەیانیان لەگەڵ بێچووەکانی خۆیاندا ئەو بەچکانەشیان تێر ئەکرد.**

**بەڵام زەڕنە قووتەکان هەر بیریان لەلای دایکیانبوو. دایکیان لە بیر نەئەچووەوە. هەموو جار بەدەنگێکی بەرز کە هەموو باڵندەو گیانەوەرێك گوێی لێ دەبوو هاواریان ئەکرد:**

**– بەڵاماندا لەو منالە بێبەزەییانەی کە دایکمانیان کوشت.**

**بەڵاماندا لەو منالانەی دایكو باوکی باڵندە بەسەزمانەکان ئەکووژنو بێچووەکانیان لە نازو خۆشەویستی ئەوان بێبەش ئەکەن.**



قوربانیی

جەژنی "قوربان" نزیکببووەوە. ماڵی مامم هەموو ساڵێك کردبوویان بە پیشە، پێش هاتنی جەژن بە دوو سێ ڕۆژ دوو "بەران" بکڕن و بەبۆنەی هاتنی جەژنەوە سەری ببڕن و گۆشتەکەی بەسەر هەژاراندا یا بەڕاستی بەسەر دەرو دراوسێ و کەس و کاردا ببەشنەوە. ئێمە ئەوسا مناڵبووین، ئەو یەکدو ڕۆژەمان زۆر بەخۆشی بەسەر ئەبرد. یاریمان لەگەڵ دوو مەڕەکەدا ئەکرد. ڕاومان ئەنان و ئەوانیش بە شۆقەوە بۆمان ئەهاتن. خۆوە نەبێ ئێمەش لەبەر دەمیانا ڕاوەستابین، نەخێر ڕامان ئەکرد و خۆمان لێدەشاردنەوە، یا هەر دووپەلی پێشەوەیانمان ئەگرت و بەرزمان ئەکردنەوە، ئەمە خۆشییەك، خۆشییەکی ترمان ئەوە بوو کە خۆمان ئامادە کردبوو بۆ گۆشت و دڵ و جگەر برژاندنەکەی. خۆ باجی "مەنیج" خوا یەکسەر بەکالا و پێتاوییەوە بیخاتە "بەهەشتێ" لەسەرو پێیەکەی "گیپە" یەکی دروست ئەکرد دەست و پەنجەی پێوە ئەخورا.

کات دەمەو بەیانی بوو. ڕۆژ ڕۆژی "عارفە" بوو. دەنگە دەنگی پیاوان لە حەوشەکەدا بەرز بووەوە. ئێمەی مناڵیش لەخەو هەستاین. تەماشامانکرد "قەساب"ەکەش هاتووە بۆ سەر برینی مەڕەکان. زۆرمان پێ ناخۆشبوو، قورگمان پڕ بوو لە گریان. زۆر پاڕاینەوە کە سەریان نەبڕن. بەڵام بەڕاستی ئەوەی ئێمە ئەمانکردو ئەمانوت کارێکی نەگونجاو بوو. ئەی گوایا ئەو دوو مەڕە لەبەر خاتری یاری کردنی ئێمە کڕراوە؟ بێگومان ئەوە سوودی نەبوو چونکە جەژنی قوربانەو "قوربانیی" ئەوێ. ئەمەش ڕێو ڕەسمێکی ئایینییە هەر ئەبێ جێبەجێ بکرێت. قەسابەکە خۆی ئامادە کرد. چەقۆکەی بە "مەسۆ"کەی بەر پشتێنەکەی تیژ کردەوە. لە پڕ مام قەسابەکەی بانگ کردە ئەولاوەو شتێکی چرپاند بە گوێیدا، ئێمە نەمانزانی چیی پێوت، بەڵام کابرای قەساب لێی پرسین:

– مناڵینە ئێوە ئەم مەڕانەتان زۆر خۆشدەوێت!؟

هەمووومان بەیەکجار وتمان:

– بەڵێ زۆر زۆر

– کەواتە دەی ئاقڵینە هەر ئێستا بچن بۆ مزگەوتەکە لە باخەکەیدا تۆزێك سەوزە گیای جوانمان بۆ بهێنن!

برا گەورەکەم بەسەر سوورمانێکەوە لێی پرسی:

– ئەی ئێوە ئێستا سەریان نابڕن؟ ئیتر سەوزەگیای چیی؟

تا ئێستا سەریان نابڕین. هەتا ئێوە دێنەوەو مەڕەکانیش سەوزە گیاکە ئەخۆن، بۆ ئەوەی تێربن. چونکە قسەکە وا هاتووە ئەو گیانلەبەرانەی ئەکرێنە قوربانی ئەبێ زۆر تێرو تەسەل بن نابێ برسی بن!


ئەقڵی منالی. بڕوامان بە کابرای قەساب کرد. بەخۆشی خۆشی ڕامانکردو، چووین گوایا گیادێنین بۆ مەڕەکان. زۆرمان پێنەچوو، زوو هاتینەوە. کە سەیرمان کرد کار لەکار ترازاوە. مەڕەکان سەربڕاون. بەڵام یەك تۆز خوێنمان لەو ناوەدا نەبینی. تومەز لەسەر "گونجە"کە سەریان بڕیوەو ئاویان پیا کردووە.

ئەو کارەمان زۆر پێناخۆشبوو. وامان زانی گاڵتەیان پێکردووین. بەڵام مامم وتی:

– منالینە ئەزانن بۆچی وامان کرد؟

– گاڵتەیان پێکردین. هەڵتان هەڵەتاندین.

– نەء، نە گاڵتەمان پێکردوونو نە هەڵمان خەڵتاندوون. بۆیە وامان کرد بۆ ئەوەی لەکاتی سەر بڕینیاندا ئێوە ئەو خوێنە نەبیننو گوێتان لە لرخە لرخیان نەبێت، چونکە ئەوە دیمەنێکی جوان نییە بۆ منال!.



# ڕیشۆڵەکان

ڕیشۆڵەکان پۆل پۆل بەسەر تەلی کارەباکەوە نیشتبوونەوە. بە پەژارەو دڵتەنگییەوە سەیری ئەملاو لای خۆیان ئەکرد. لەپڕێکا هەندێکیان شوێنەکەی خۆیان جێدەهێشت و ئەچوونە سەر جێگای ئەوانیترو ئەوانیش هەڵدەفڕین و لە شوێنێکی تر لەسەر تەلەکان ئەنیشتنەوەو بەگژ یەکدا دەچوون.

بۆ چەند ڕۆژێك ئەچوو ڕیشۆڵەکان هیچیان نەخواردبوو. بەفر زەوی داپۆشیبوو. لەبەر ئەوە هیچیان دەست نەکەوتبوو کە بیخۆن.

لەو لاشەوە، لەناو حەوشەی ماڵێکدا چەند منداڵێك ئەهاتن و ئەچوون، پاش تاوێك دەم بە پێکەنین خۆیان کردەوە بە ژووردا و لەچاو ونبوون. گەورەی پۆلە ڕیشۆڵەیەك بە حەوشەکەیدا ئەڕوانی. بانگی لە ڕیشۆڵەکان کردو پێی وتن:

– چاوتان لەو کۆمەڵە گەنمەیە لەوێدا دانراوە؟

ڕیشۆڵەکان سەیری ناو حەوشەکەیان کرد. کە چاویان بەو کۆمەڵە گەنمە کەوت هەموویان پێکەوە وتیان:

– خۆ بە ڕاست ئەوە گەنمە! خۆشی لە خۆمان!

– چەند ڕیشۆڵەیەکیان فڕینە سەر دیواری حەوشەکە. ویستیان بەرەو لای گەنمەکە بفڕن. گەورەکەیان بانگی کردن و پێی وتن:

– نەکەن! ئارام بگرن. تا هەموو شتێکمان لێ ئاشکرا ئەبێت!

یەکێکی تریان وتی:

– ڕاست ئەکات. ئەم گەنمە لەم کاتەو لەم شوێنەدا خۆڕایی نییە! چەند ڕیشۆڵەیەکی بزێویان هەڵیان دایەو وتیان:

– بۆ لەکیسمان ئەدەیت؟ هیچ نییە، گەنمەو لەوێدا ڕژاوە! دیسانەوە گەورەکەیان وتییەوە:

– پەلە مەکەن لە کیستان ناچێت! بەڵام جوان سەیرکەن ئەو قوڵینەو دارە نابینن؟

ڕیشۆڵەیەکی بزیویان وتی:

– بۆ نایبینین!. خۆ چاومان هەیە!

– ئەوە داوە، چونکە گەنمەکە لەژێر ئەو قوڵینەدایە ڕۆکراوە.

– ئەوە داوە! دواو.

گەورەکەیان وتی:

– ئێمە لەبەردەم سەرماو بەفرو بای بەهێزدا خۆمان ڕائەگرین، ئەبێت لە بەردەم برسێتیشدا خۆمان ڕابگرین.

ڕیشۆڵە بزێوەکان بەیەك دەنگو وتیان:

– بەڵام برسیمانە......... برسیمانە.

ڕیشۆڵەیەکی تر وتی:

– پێویستە بە قسەی گەورەکانی خۆمان بکەین. پێویستە لەبەر برسێتیدا خۆڕاگر بین.

ڕیشۆڵە بزێوەکان بە ناچاری بێدەنگبوون.

گەورەی ڕیشۆڵەکان لەگەڵ چەند ڕیشۆڵەیەکی تردا فڕینە ناو حەوشەکە. لە قوڵینەو دارو گەنمەکە وورد بوونەوەو گەڕانەوە شوێنەکانی خۆیان. وتی:

– ئەو دارو قوڵینەو گەنمە داوەو بۆ ئێمە دانراوە. تا بە هۆیەوە بمانگرن.

– خۆ منداڵەکان لەویا نین تا بمانگرن!

– ئەو گوریسە وا بەدارەکەوەیەو درێژ بووەتەوە چووەتە ژوورەوە کاتێك کە ئێمە چووینە ژێر قوڵینەکەوە بۆ گەنم خواردن ئەوان لە ژوورەوە گوریسەکە ڕائەکێشنو دارەکە لەژێر قوڵینەکەدا ئەجوولێو قوڵینەکە ئەکەوێ بەسەرمانا ئەوسا ئێمەش ئەکەوینە ژێرییەوەو دێن دەمانگرن.

هەموو ڕیشۆڵەکان وتیان:

– ئای لەو منداڵە فێڵبازانە!

– باشە تۆ ئەمە چۆن ئەزانیت!؟

– جارێکیان خۆم ئەوەم بەسەردا هات! کەوتمە ژێر قوڵینەکەوە، بەڵام باش بۆ ئەو بەتانییەی کە دایان بەسەر قوڵینەکەدا بۆ ئەوەی لەژێرییەوە دەرمان بهێنن درزێکی تیا بوو لەوێوە لێی هاتمە دەرەوەو ڕزگارم بوو.

– ئاخر برسیمانە.. چۆن دەنووکمان بگاتە ئەو دەنکە گەنمە قەڵەوانە!؟

– ئەمەیان ئاسانە! بیرکردنەوەی ئەوێت. با هەریەکەمان لەلای خۆیەوە بیر لەوە بکاتەوە چۆن بەو گەنمە بگەن!؟

دوای تاوێك یەکێکیان وتی:

– من دەچم خۆم ئەکێشم بە سەبەتەکەداو ئەیخەم.

یەکێکی تریان وتی:

– بابچین مام قەلە ڕەش بانگ بکەین و قوڵینەکەمان بۆ بخات. ئەوسا بەبێ ترس گەنمەکە ئەخۆین.

– ئینجا ئێمە کە ئەوەندە زۆربین یارمەتی مام قەلە ڕەشمان بۆ چییە؟ خۆ ئەو بە خۆڕایی ئەو کارەمان بۆ ناکات. گەنمی ئەوێت.

گەورەی ڕیشۆڵەکان وتی:

– ڕاست ئەکەیت. کەواتە با خۆمان کاری خۆمان جێبەجێ بکەین.

ڕیشۆڵەیەك وتی:

– کە خۆتان دا بە قوڵینەکەدا لە پێشەوە پیا بدەن بۆ ئەوەی بە پشتا بکەوێت و گەنمەکە نەکەوێتە ژێرییەوە.

– ئەگەر بیر بکەینەوە ئەگەینە ئەنجامی چاك.

**ڕیشۆڵەکان بە گشتی قسەکانیان پەسەند کرد. پێکەوە بەرەو پێشی قوڵینەکە چوونو خۆیان پیاکێشاو خستیان. منداڵەکان هاتنو چاکیان کردەوە، ڕیشۆڵەکان دووبارە قوڵینەکەیان خستەوەو منداڵەکان چاکیان کردەوە. تا لە دواییدا ئامانج وتی:**

**– منداڵینە با ئیتر واز لەو ڕیشۆڵە جوانانە بهێنین. چونکە بە ژیریو یەکێتی خۆیان بەسەر دڵڕەقیو بێبەزەیی ئێمەدا زاڵبوون.**

**ڕزگاریش وتی:**

**– با ئیتر ببینە هاوڕێی گشت باڵندەکان!.**

**منداڵەکان لەسەر ئەوە پێك هاتن. چوونو گەنمێکی زۆریان بۆ هێنانو بۆیان ڕۆکردن. ڕیشۆڵەکانیش بەو پەڕی هێمنیو خۆشییەوە بەبێ ترس کەوتنە خواردنیو یەك دەنکە گەنمیان بەجێنەهێشت.**

**ئیتر لەو کاتەوە هەموو ساڵێك حەوشەکەی ماڵی ئامانجو ڕزگار پڕ ئەبێت لە باڵندەی جوان جوانو خرپن خرپن.**



كونه كه‌روێشك

ئەو ڕۆژەی ماڵی ئارام گەڕانەوە گوندەکەی خۆیان، خەڵکی گوندەکە هاتنە لایان و بە گەرمی بەخێر هاتنەوەیان لێکردن.

ئارام و هاوڕێکانی ئەو شەوەیان بە باسکردنی بیرەوەرییەکانیانەوە بەسەر برد، بۆ بەیانی ئارام و شێرۆی هاوڕێی و چەند مناڵێکی تر بۆ یاریکردن چوونە دەرەوەی گوند.

ئارام گوتی:

– شێرۆ بیرتە جاران ئەچووینە سەر "کونە کەروێشکەکەو بە بەرد تەقە تەقمان ئەکرد، ئینجا کەروێشکەکان لە کونەکە دەرئەپەڕین و تێر تێر یاریمان لەگەڵدا ئەکردن؟

شێرۆ وتی:

– ئارام گیان، ئەو ساتە خۆشانەم چۆن لەبیر ئەچێتەوە!؟

بەدەم قسەکردنەوە ئارام کونە کەروێشکێکی لە دوورەوە بەدیکرد. خێرا دوو بەردی هەڵگرت و وتی:

– ئەها ئەو کونە کەروێشکە، ئادەی شێرۆ بتبینم!.

شێرو هاوڕێکانی هاواریان کرد:


– نەکەی ئارام، نەکەی. ئەی نەتزانیوە ئەو ناوە هەمووی مینڕێژە!؟

کەروێشکەکانیش لەترسی "مین" ئەو ناوەیان چۆڵ کردووە؟

ئارام حەپەسا و وتی:

– ئەی باشە بۆ هیچ نیشانەیەکی لێنییە؟ خۆ ئەگەر تەنیا بوومایە ئەکەوتمە ناو مینەوە. شێرۆ هەر ئەبێ ناوچەکەمان پاك بکەینەوە و دەست بکەینەوە بە یارییە خۆشەکەی جارانمان.

مناڵەکان کۆمەڵە بەردیان بۆ نیشانە کردنی شوێنەکە دانا و بە ڕاکردن چوون ئەنجومەنی گوندی لێ ئاگادار بکەنەوە.



مێرووله لۆقنەکە

زستان‌و ساردو سەرماکەی، بارو بارگەیان پێچابووەوەو ئۆغریان کردبوو، بەمەش بەهار جێی تەخت بوو. گیانلەبەرە خوێن ساردەکان، ئەوانەی بەسەرما خوێنیان ئەیبەستێ‌و لە کونەکانیانا "مت" ئەبن، خوێنەکەیان شل بووەوەو لە کونەکانیان هاتنەوە سەر زەوی وەك:

بۆق‌و کوللەو مارو دووپشك‌و مێروولە

مێروولەکان دەوری کونەکایان یا با بڵێین "شارەکەیان" بە شێوەیەکی بازنەیی پاك کردبووەوە، بێئەوەی پشوویەك بدەن لە بەیانییەوە تا ئێوارە هەر خەریکی هێنانی پووش‌و پەڵاش‌و ئەو شتانە بوون کە بۆیان هەڵئەگیراو ئەیانبردەوە بۆ شارەکەیان‌و زەخیرەیان ئەخست بۆ زستان.

یەکێك لەو مێروولانە کەوتە گەڕان بەدوای "چووزەرە گەنمدا" چونکە "شا"کەیان زۆر حەزی لێبوو کە شیرینییەکەی بمژێت.

مێروولەکە لە کێڵگە نزیکەکان گەڕا دەستی نەکەوت. بەڵام هەر کۆڵی نەداو ماندوو نەبوو. چۆن ماندوو ئەبێ؟ ئەی "شا"کەیان فەرمانی پێنەداوە؟ بێگومان هەر ئەبێ بەقسەی بکات.

مێروولەکە دوور کەوتەوە. تا لە کێڵگەیەکی بە گەنم چاندراو "چووزەرە گەنم"ی دەستکەوت. بەڵام خۆی زۆر بچووکترە لەو چووزەرەیە. ئەی کەواتە چۆن ئەتوانێ ئەو شتە گەورەیە هەڵبگرێ‌و بیگەیەنێتەوە بۆ شارەکەی خۆیان؟

مێروولەکە دامابوو بە دەستییەوە، نەیئەزانی چیی بکات؟ بیری هێناو بیری برد تا بەڕێکەوت مێروولەیەکی ڕەشی لۆق درێژی تووشهات‌و پێی وت:

– ئەی لۆق درێژ، پێم ناڵێیت بۆچی ئەوەندە بەخۆتا ئەنازیت!؟

مێروولە لۆقنەکە هەرگیز بەتەمای ئەم پێشوازی لێکردنە نەبوو. بۆیە بە تووڕەییەوە پێی وت:

– چونکە من لاقەکانم لە تۆ گەورەترن. ئەشتوانم قەپێکت پیا بکەمو بۆ کوێم بوێت بتفڕێنم!.

– هە ها ها.. هەرگیز بڕوام بەو قسەیە نییە، چونکە تۆ ئەوە نیت!

– فیڕنە گولە، بڕوات بێت، ئەی تۆ سەیری لاقەکانمت نەکردووە چەندە درێژو بەهێزن!؟.

مێروولە لۆقنەکە ئەوەی وتو قاچەکانی هەڵبڕیو چەند جارێك بە دەوری خۆیدا سووڕایەوە.

مێروولە ووردەکە پێکەنیو وتی:

–بەڵێ، ڕاستە لاقەکانت درێژن، بەڵام وەکو قاچەکانی من توانای خێرا ڕۆیشتنیان نییە!

–من ئەتوانم بتبەم لە شوێنێکی دوور دوور فڕێت بدەمو پێش خۆر ئاوا بوون بگەڕێمەوە بۆ شارەکەی خۆمان.

مێروولە ووردەکە زۆر دڵی بەو قسەیە خۆشبوو. بۆ ئەوەی فێڵەکەی زیاتر سەربگرێو مەبەستی شەڕ فرۆشتنەکەی جێبەجێ بێت، دیسانەوە بە گاڵتە پێکردنەوە پێی وتەوە:

– ئەی لۆق درێژ، ئەگەر ڕاست ئەکەی ها ئەوەتام لەبەردەمتا، دەی با ڕاستی قسەکانت دەربکەوێ. بەڵام تۆ هەرگیز ئەوە نیت!

مێروولە لۆقنەکە بە خێرایی لێی چووە پێشەوە، بەڵام مێروولە ووردەکە هاواریکرد:

– ڕاوەستە. من هەر خۆم نیم، ئەم چووزەرە گەنمەشم پێیە.

– مێروولە لۆقنەکە کەمێك بێدەنگبو، مێروولە ووردەکە ترسا لەوەی کە لە هەڵگرتنی پەشیمان بووبێتەوە، پاشان لۆقنەکە وتی:

– تۆ وەرە سەرپشتم، خۆشم چووزەرەکە ئەگرم بە دەممەوە!

– مێرووڵە ووردەکە لە خۆشیا نەیئەزانی چیبکات، سوپاسی کردو پێی وت:

– هەتا شارەکەی خۆمان ببمە، ئەوسا دان بە ڕاستی قسەکانتا دێنم.

– دەی خێراکە، هەر ئێستا بە چاوی خۆت ئەیبینی!.

مێرووڵە لۆقنەکە چۆنی وت بەو جۆرە کەوتنە ڕێ. مێرووڵە ووردەکە لەسەر پشتی مێرووڵە لۆقنەکەدا دانیشت و چووزەرەکەش بەدەمی مێرووڵە لۆقنەکەوە بوو، کە زۆر بە خێرایی ئەڕۆیشت، پاشان ماندوو بوو لە مێرووڵەکەی پرسی:

– فیڕ نە گولە شارەکەتان وا لەکوێ؟

– شارەکەمان ها، ها وا لەدامێنی ئەوگا بەر دەسپیانەدا، سەیرکە چاوت لێیە؟

مێرووڵە لۆقنەکە، کە زانی شارەکەیان وا دوورە، بە تووڕەییەوە وتی:

– ئا، ئا چاوم لێیە، خۆ کوێر نیم، بەسە بیبڕەوە!.

مێرووڵە لۆقنەکە تا ئەهات ڕۆیشتنەکەی خێراو خێراتر ئەکرد. بۆ ئەوەی بە زووترین کات بیگەیەنێتە جێ و خۆیشی پێش خۆرئاوا بوون بگەڕێتەوە بۆ شارەکەی خۆیان. خێرا خێرایش بەخۆی ئەوت:

– بەڕاستی ئەم فیڕنە گولەیە باشی هەڵخەڵەتاندم!

مێرووڵە ووردەکەش ئەیوت:

– ئافەرم ژیری ی، ئەگەر وام نەکردایە هیچم بۆ نەئەکرا.

کاتێك لە شارەکەیان نزیك بووەوە دەستی کرد بە گۆرانی وتن. چونکە زۆر شادمان بوو کە فێڵەکەی سەری گرت و وا بە ئاسانی و بێ ماندوو بوون گەڕایەوە شارەکەی خۆی. هەروەها دڵی بەوەش خۆشبوو کە چووزەرە گەنمی بۆ "شا" خۆشەویستەکەیان پەیدا کردووەو فەرمانەکەی جێبەجێ کردووە چونکە "شا"کەیان زۆر میهرەبانە! هەر کە گەیشتنە ناو شوێنە بازنەییەکەوە، لەسەر پشتی هاتە

**خوارەوە، هاوڕێکانی کە مێروولە لۆقنەکەیان دی‌و وایان زانی کە دوژمنەو نیازی خراپە. بە هەموویان ویستیان پەلاماری بدەن. بەڵام مێروولە ووردەکە هاواری لێکردن‌و وازیان لێهێنا. هەموو بەسەر هاتەکەی بۆ گێڕانەوە، ئەوانیش بەخێر هاتنیان کردو دەستیان کرد بە پێکەنین.**

**کاتێك مێروولە لۆقنەکە ویستی بگەڕێتەوە، مێروولە ووردەکان پێیان وت:**

**- زۆر سوپاس ئەی هاوڕێمان. بەڵام بۆ ئەوەی ماندوو نەبی، جارێکی تر "پێش تووڕە بوونت ژیریت بەکار بێنە".**



باوكە... ئەی ماندوو نەبیت

ئازاد مناڵێکی تاقانەی باوکو دایکێکی هەژار بوو. باوکی حەماڵبوو. ئازاد تازە فێری قسەکردن بوو بوو. بەوشە نەرمو نیانەکان دڵخۆش ئەبوو. بەوشەی ناخۆش دەمو چاوە بچکۆلانەکەی گرژ ئەبوو.

زۆرجار ئازاد ئەم چەند وشەیەی بەر گوێ ئەکەوت کە دایکی بە باوکی ئەوت:

– باوکی ئازاد بەخێر بێیتەوە!.

باوکیشی ئەیوت:

– سوپاست ئەکەم. بژیت.

دوای ئەوە ئازاد دایکی ئەدی کە سوچێکی شتێکی خڕی ئەگرتو هەڵی ئەگرتو تا ئەیگەیاندە قوژبنەکە.

ڕۆژێك لە ڕۆژان کە باوکی گەڕایەوە بە دایکی ئازادی وت:

– ئافرەت ئەمڕۆ زۆر سووڕاومەتەوە، زۆر ماندوو بووم.

– لەشت ساغ بێت. خوا بۆ ئێمەت بهێڵێت.

ئازاد کە ئەمەی بیست بە پەرۆشەوە خۆی هەڵدایە باوەشی باوکییەوە. باوکیشی توونـد توونـد نووساندی بە سنگییەوە، ماچێکی کرد. بەوە ماندوێتی حەسایەوە.

ئازاد لە باوکی پرسی:

– بابە گیان نانت بۆ هێناوینەتەوە؟

– ئەیچۆن! ئادەی ئافرەت گورجکە نانێکی گەرمی لە دەستە سڕەکە بۆ بێنە.

– دایکی ئازاد گورج ڕاپەڕی نانێکی هێنا بۆ ئازادو دایە دەستی ئازادیش دەستی کرد بە خواردنی.

لە باوکی پرسی:

– باوکە بۆچی کە دەچیت بۆ بازاڕ ئەو شتە خڕە لەگەڵ خۆتا ئەبەیت.

– کوڕم ئەوە کۆپانە شتی پێ هەڵدەگرم.

– باوکە چۆن چۆنی شتەکانی پێهەڵدەگریت؟ من نایزانم قەت نەمدیوە.

– حەز ئەکەیت بزانی چۆن چۆنی شتەکانی پێ هەڵدەگرم؟

– بابە گیان زۆر حەز ئەکەم.

باوکی ئازاد هە ستایە سەرپێ، کۆپانەکەی دا بە کۆڵیا و باڵی تێ هەڵکێشا. دایکی ئازادی خستە سەر کۆپانەکە، چەند جارێك بەناو ژوورەکەدا هێنای و بردی.

ئازاد لە خۆشیانا پێدەکەنی و ئەتریقایەوە. باوکی ئازادی دانا و پێی وت:

– ئازاد گیان ئێستا زانیت شتەکان چۆن هەڵدەگرم؟

– ئا، وەکو ئێستا منت هەڵگرت.

– ئیتر مامەکان پارەم ئەدەنێ. منیش بۆ ئێوەی ئەدەم بە نان و شەکرو چاو جل و بەرگی جوان.

ئازاد تاوێك ڕاما و پاشان بە باوکی وت:

– باوکە! ئەی ماندوو نابیت

– باماندووش ببم، ئەی ئەگەر ماندوو نەبم چۆن ئەتوانم تۆ گەورە بکەم و پێت بگەیەنم؟

ئازاد بۆ تاوێك بێدەنگبوو ، لەپاشاندا بە باوکی وت:

– بابە گیان کە منیش گەورە بووم کۆپانەکەت دەکەمە کۆڵم و لە جیاتی تۆ کار دەکەم.



دایکی باوەشی پیا کردو  توونـد نووسـاندی بـه سـنگی خۆیـەوە. بـاوکی بـەو قسـەیەی دڵتەنگبوو پێی وت:


– نـا. نـا ئـازاد گیـان، نابـێ تـۆ ئـەوە بکـەیت، تـۆ ئـەبێت بچیتـە قوتابخانـەو ببیتـە قوتابییەکی زیرەكو لە پاشە ڕۆژدا ببیتە پیاو خزمەتی گەلو نیشتمانەکەت بکەیت.

ئازاد باوەشی دایکی بەجێهێشتو بەرەو لای باوکی چوو، بە سنگیا هەڵگژا پێی وت:

– بابە گیان بەیانی دەمبەیت بۆ قوتابخانە؟

– کـوڕم جـارێ تـۆ منـاڵیت کـاتی چوونـە قوتابخانـەت نـەهاتووە، دوای چـەند ساڵێکی تر جلی جوانت بۆ ئەکەینو دەتبەین بۆ قوتابخانە.

ئـەو شـەوە تـا بـەیانی ئـازاد لـە خۆشـیاندا خـەوی لێنەکـەوت. هـەر بـیری لـەو ڕۆژە ئەکردەوە کە باوکی جلی جوانی بۆ ئەکاتو ئەیبات بۆ قوتابخانەو دەبێتە قوتابییەکی ژیرو زیرەك، باوكو دایکی ئەحەسێنیەوەو کۆپانەکە لە کۆڵی باوکیدا ئەگرێ.




کەروێشکە بچکۆڵ

ماڵەکەیان دوورکەوتەوە. هەر ئەوەندەی زانی لە دوورەوە ڕێوییەکی دیو ترساو هاواریکرد:

– ئای خۆ ئەوە سەر بۆرە! فریای خۆم نەکەوم ئەمخوات.

کەروێشکە بچکۆل تاهێزی تیا بوو دەستی کرد بە ڕاکردن.

هەر کەمێك دوور کەوتەوەو ڕێوییەکەی لە چاو ونبوو، دیسانەوە دەستی بەباز بازێنو گۆرانی وتن کردەوە. ئەمجارەیش لە دوورەوە گورگێکی دی، ترساو هاواری کرد:

– ئای خۆ ئەوە گورگە! ئەگەر بە خێرایی ڕانەکەم ئەمخوات!

کەروێشکە بچکۆل بەو پەڕی ترسو لەرزەوە تا قاچە بچوکەکانی هێزیان تیا بوو ڕایکرد. گورگەکە لەچاو ونبوو. دیسانەوە کەروێشکە بچکۆل دەستی کردەوە بە قونە قونو یاری کردن، بەڵام ئەمجارە ڕاوچییەکی دی کە قەفەزێکی بەدەستەوە بوو، بەرەو ڕووی ئەهات ڕاوکەرەکە پێی وت:

– کەروێشکە بچکۆل، بۆ وا پەشۆکاویت!؟ بۆچی هەناسە بڕکێت پێکەوتووە؟

کەروێشکە بچکۆل وەڵامی دایەوە:

– ئێستا سەر بۆرو مام گورگم دی. ئەترسم بمخۆن.

– ڕاوکەرەکە ئەمەی بەهەل زانی. ویستی کەروێشکەکە هەڵ بخەڵەتێنێ، وتی:

– کەواتە وەرە ناو ئەم قەفەزەوە. من ناهێڵم بێن بەلاتا.

کەروێشکە بچکۆل لە وەڵامدا وتی:

– من نامەوێ بێمە ناو قەفەزەکەی تۆوەو بەندم بکەیت. ئەچمەوە بۆ لای دایکمو ئیتر لە ئامۆژگارییەکانی دەرناچم. خۆ ئەگەر لەڕێگا سەر بۆرو مام ڕێوی بمخۆن لەوە چاکترە لە قەفەزەکەی تۆدا ژیانی بەندێتی بەسەر بەرمو پاشان سوورم بکەیتەوەو بمخۆیت.




# دڵخواست

پشووی هاوینەی قوتابخانەکان دەستی پێ کرد. ئازاد ئـەنجامی خوێندنـی ئـەو ساڵەی زۆر بەباشی بەدەست هێنابوو، بە پلەی یەکەمی پۆلەکەی خۆی دەرچوو بوو. باوکی گفتی دابو کە دیارییەکی دڵخواستی خۆی بۆ بکڕێت.

باوکی بە ئازادی وت:

– کوڕەکەم ئازاد، دڵی خۆت بەسەر پشك دابنێ و چیت داوا کرد بۆت ئەکڕم.

– باوکە گیان سوپاست ئەکەم من هیچ دیارییەکم لەبەرێزتان ناوێت، تۆ زۆر شتت داوە بەمن: باوکایەتی، ئامۆژگاری، خۆشەویستی، دڵسۆزی، ئەمانە منیان هانداوە کە ئەو ئامانجە باشانە بەدەست بهێنم.

باوکی ئازاد بە قسەکانی کوڕەکەی شانازی بەخۆیەوە ئەکرد. بسکەی سمێڵی ئەهات. لەگەڵ ئەوەشدا پێی وت:

– زۆر سوپاس ئازاد گیان. بەڵام هەر ئەبێ "دڵخواست"ەکەت بڵێی.

– باشە، کەواتە جووتێك کۆتری سپیم بۆ بکڕە!

باوکی ئازاد لەم داوایەی کوڕەکەی سەری سووڕما، پێکەنی وتی:

– چی کۆترا؟ ئازاد کۆترت بۆ چییە؟

– باوکە گیان حەز ئەکەم بە خێویان بکەم. هێلکە بکەن و بێچوویان پەروەردە بکەن.

– کوڕم، باشتر وایە داوای کتێبی چیرۆك، هۆنراوە، زانست بکەیت بۆ ئەوەی ئەم هاوینەدورو درێژە بە خوێندنەوەوە خۆت خەریك بکەیت.

– باوکە گیان تۆ خۆت ئەوانە هەر ئەکڕیت، لە کتێبخانەکەتدا ئەوەندە کتێب هەیە بۆ هیچ کتێبێك دانامێنم. دوای ئەوە خۆت نەتوت دیارییەکەت دڵخواست ئەبێتو بە ئارەزووی خۆت ئەبێت!؟

باوکی ئازاد جووتێك کۆتری سپی جوانـی بـۆ کـڕی. بەتەختـە هێلانەیـەکیان بـۆ دروستکردن. ئازاد کەوتە خزمەت کردنیان. مێیەکە هێلکـەی کـرد، لەسـەر هێلکـەکانی کڕ کەوت تا بییان کات بە بێچوو.

ڕۆژێکیان ماڵی ئازاد چوون بۆ سەردانی ماڵی مامی. ئێوارە کە گەڕانەوە سەیریانکرد لانەکە تێکچووە، هێلکەکان لەو بەرزییەوە بەبوونەتە خوارەوەو شکاون. بێچوەکان کە ئەوەندەیان نەما بوو لە هێلکەکان بێنە دەرەوەو چاویان بەم جیهانە بکەویّ‌و دڵی دایك‌و باوکیان‌و ئازاد خۆشبکەن مرد بوون. ئازادو خوشك‌و براکانی گریان. دایك‌و باوکیشی خەم دایگرتن، چ کارەساتێك ڕوویداوە؟ کێ ئەو کارەساتەی بەسەر ئەم بەسەزمانانەدا هێناوە؟ تۆ بڵێی گوربە ڕەشەکە بێت؟ گوربە ناگاتە ئەو شوێنە بەرزەو لە هیچ لایەکیشەوە ناتوانێ خۆی بۆ هەڵبدا. نا، کەواتە گوربەی بەسەزمان نییە. ئەی تۆ بڵێی منالآن نەبن؟ ئەی ئەوان لە کوێوە دێنە ژوورەوە خۆ دەرگای حەوشە بە کلیل داخراوە، نا ئەوەش نییە.

خێزانەکە ئەم پرسیارانەی ئەکرد. بەلأم کاتێك بەباشی سەرنجیان دا هەموو شتێکیان بۆ ئاشکرا بوو.

کۆترەکان هەریەکەیان لەلایەکی سەربانەکە بەخەم‌و پەژارەیەکی زۆرەوە خۆیان کزۆڵە کردبوو. سەریان پڕ بوو بوو لەخوێن. خوێن پەڕە سپییە جوانەکانیانی سوور کرد بوو. پەڕەکانیان ژاکاو بوو. وا دیار بوو زۆریان لەیەکتردابوو. خۆیان لەناو خۆیاندا تێکچوون‌و ئەو کارەساتەیان بەسەر خۆیاندا هێنابوو. ماڵی خۆیان وێران‌و بەچکەکانیان بێ ژیان کرد بوو.

ئازاد چوو هەردوو کۆترەکەی گرتەوەو هێنانییەوە ژوورەوە. سەیرێکی کردن‌و بە گریانەوە پێی وتن:

– بۆ وا؟ بۆ شەڕ؟ خۆ ئێوە بەلای خۆتانەوە نیشانەی ئاشتی‌و خۆشەویستین. ناهەقتان ناگرم ئێوە لەگەڵ مرۆڤدا ئەژین، ئێوە خووە ناشیرینەکەی زۆردارەکانیانتان گرتووە کە توندو تیژی‌و شەڕو شۆڕە.

دوای ئەوە ئازاد گەیشتە ئەو ئەنجامەی کەواز لەو کۆترانە بێنێ‌و بگەڕێتەوە سەر "دڵخواست"ەکەی باوکی.



# پەنجکێك نان

چۆلەکەکان بەناو حەوشەی ماڵی پەریدا بەیەکدا دەهاتن‌و جریوە جریویان ئەو ناوەی هەراسانکرد بوو. چۆلەکەیەکیان کە پەنچکێك نانی بە دەنووکەوە بوو، جێی بەخۆی نەئەگرت. ئەفڕییە سەر تەنافەکە، هەڵئەفڕییە سەر درەختەکە، چۆلەکەکانی تر هەر بە دوایەوە بوون دیسانەوە دەهاتەوە خوارەوە هەر لە کۆڵی نەدەبوونەوە، ئەو چۆلەکە بەسەزمانە لەگەڵ چۆلەکەکانی تردا لە شەڕێکی سەختدا بوو. چۆلەکەکان دەوروپشتیان لێگرتبوو، نەیاندەهێشت لە دەستیان ڕزگاری بێت چونکە هەریەکەیان ئەیویست ئەو پەچکە نانە بۆ خۆی ببات.

چۆلەکەکە پێی وتن:

– نایدەم بە کەستان. خۆم پەیدام کردووە!

چۆلەکەکیان وتی:

– هەر بە زۆر لێت ئەسێنێن، بۆ کوێ ئەچیت!؟

چۆلەکەیەکی تریان وتی:

– بەتەنیا چیت پێدەکرێت!؟ هەتا زووە بماندەرێ.

چۆلەکەکە وتی:

– نەمداوە بە کەس‌و نایدەم.

چۆلەکەیەکی سەرزلیان لێی چووە پێشەوەو پێی وت:

– بماندەیتێ باشترە، ئەگینا لە پەلوپۆت ئەخەین‌و ئەوسا لێشت ئەسێنین.

– چۆلەکە خۆگرەکە پێی وتنەوە:

خۆتان ماندوو مەکەن. خۆم دۆزیومەتەوە. لەبەئەوە بەشی خۆم‌و بەچکەکانمە! چۆلەکەکان هەموو پێکەوە شالاویان بۆ برد. هێنایان‌و بردیان، پەڕێکی زۆریان لێکردەوە، بەلام چۆلەکە خۆگرەکە پەنچکە نانەکەی نەدان بەدەستەوە. پێی وتن:

– ئەگەر زۆر بوایە بەشی هەمووتانم ئەدا. بەڵام هەر بەشی خۆمو بێچووەکانم ئەکات. چۆلەکەیەك لە چۆلەکەکان بەدەم هەناسە بڕکێوە وتی:

– من ماندوو بووم!

چۆلەکەیەکی تریان هاواری لێهەڵسا وتی:

– منیش وا لە پەل‌و پۆ کەوتم!

بەمجۆرە چۆلەکەکان ماندوو بوون، زانیشیان کە ئەو چۆلەکەیە ڕاست ئەکات "خۆی پەچکە نانەکەی دۆزیوەتەوەو ئەبێ خۆی‌و بێچووەکانیشی بیخۆن" لەبەر ئەوە وازیان لێهێناو هەڵفڕینە سەر درەخت‌و تەنافەکەو کەوتنە خۆ خوراندن.

کە چۆلەکەکە زانی لەکۆڵی بوونەتەوە، پەنچکە نانەکەی بردەوە بۆ هێلانەکەی‌و کردی بە دەمی بەچکەکانییەوە.

پەری تا ئەو کاتە لە پەنجەرەی ژوورەکەیەوە هەر دەیڕوانییە ئەو چۆلەکە کۆڵنەدەرەی کە خۆشەویستی بەچکەکانی وای لێکرد بەتەنها بەرەنگاری ئەو هەموو ئازارو ناخۆشییانە بێتەوەو پەنچکە نانەکە نەدات بەدەستەوە!




# مڕیشکە گونجە

مریشکە کونجە هەموو ڕۆژێك گوێی لە قیڕە قیڕی یەکێك لە هاوڕێکانی ئەبوو کە ئەیانگوت و ئەیاندا بە زەویداو سەریان ئەبڕی. لەبەرئەوە ترسێکی زۆری لێنیشت کە ڕۆژێك دێت و ئەمیش سەر ئەبڕن و گۆشتەکەی بە برنجەوە بخۆن. لەبەرئەوە بڕیاریدا خۆی ڕزگار بکات و گوندەکە بەجێ بهێڵێت و ڕووبکاتە دارستانەکە بۆ ئەوەی لەوێ وەکو باڵندەکانی تر بە ئازادی و دوور لە مەترسی بۆ خۆی بژی.

ڕۆژێکیان مریشکە کونجە بەدزییەوە لە گوندەکەیان دوور کەوتەوەو بەپەلە خۆی گەیاندە دارستانەکە.

– ئۆخەی ڕزگارم بوو. ئیتر بۆ خۆم لەم دارستانەدا ژیانێکی خۆش بەسەر ئەبەم!

مریشکە کونجە ئەوەی وت و دەستی کرد بە چینەو یاری کردن. دوای ئەوەی چیکڵانەی پڕکرد، چووە سەر کانییەك و تێرئاوی سازگاری خواردەوە، پاشان لەملا بۆ ئەولا کەوتە فڕین. ئەچووە سەر لق و چڵەکان و ئەفڕییەوە سەر زەوییەکە. بەو جۆرە ئەو ڕۆژەی تا ئێوارێ بەسەر برد. ئێوارەش لەسەر لقێکی درەختەکە هەڵنیشت و تا بەیانی لێی نوست.

– ئای باڵەکانم! لەوە ئەچێ ئەمشەو سەرمام بووبێت. لە گوندەکەی خۆمان لەناو کولانەی گەرم و گوڕدا ئەنووستین. بەڵام ئێرە زۆر ساردە!

مریشکە کونجە ئەمەی وت و چەند جارێك باڵەکانیدا بەیەکداو فڕییەوە سەر زەوییەکە، دەستی کرد بە هەڵبەز و دابەز تا گەرمی بووەوە. چینەی کرد و ئاوی سازگاری کانییەکەی خواردەوە وتی:

– ئەم ژیانە خۆشە نادەم بە ژیانی گوندەکە، بەس نییە بۆ خۆم سەربەستم و لەسەر بڕین بەدوورم؟

مریشکە کونجە هەستی کرد کاتی هێلکە کردن و خێزان پێکەوە نان هاتووە. گەڕا، گەڕا تا لە بنی درەختێکا کونێکی دۆزییەوەو بەدەنووك و قاچە بچکۆلەکانی کەمێك خەریکبو، ئەوەندەی خۆی پێوە بچێت دەمی کونەکەی گەورە کرد و چووە ناوەوەو لە

ناویشەوە تەختی کردو هەندێ پووش‌و پەلاّشی هێناو تیایدا ڕایخست تا هێلکەکانی لەسەر دابنێ‌و لەسەریان کڕ بکەوێ.

– ئەمەیە ژیانی ئاسوودە، ئیتر ئێرە ئەکەمە ماڵی خۆم‌و جووجەڵەکانم! مریشکە کونجە تا "گەرا" لەناو "هێلکە دانیا" هەبوو هێلکەی کردو لەسەریان کڕ کەوت، چەند ڕۆژێکی مابوو کە "٢١ ڕۆژە" کە تەواو بێت‌و جووجەڵەکان لە هێلکەکانیان بێنە دەرەوە، مریشکە سوورە سەر گەرمی هەڵگێڕانەوەی هێلکەکانی بوو، سەری هەڵبڕی چاوی بەسەر بۆری گوێ قوت کەوت کە لەبەردەمی کولانەکەدا ڕاوەستا بوو، سەیری مریشکە کونجەی ئەکرد.

– ئەوە تۆیت!؟ من لەژێر زەوی بۆت ئەگەڕێم‌و کەچی تۆ وایت لەسەر زەوی سەر بۆری گوێ قوت ئەمەی وت‌و بە نینۆکە تیژەکانی کەوتە گەورە کردنی دەمی کونەکە. مریشکە کونجەی بەسەزمان زۆر ترسا. زانی کە سەر بۆر ئێستا نا تاوێکی تر دەمی کونەکە گەورە ئەکات‌و بۆی ئەچێتە ژوورەوەو ئەیخوات. لەبەر ئەوە بیری لە فێڵێک کردەوە تا خۆی پی ڕزگار بکات پێی وت:

– ئەی سەر بۆری هاوڕێم، ئەوە تۆ لە کوێیت؟ من زۆر دەمێکە چاوەڕێی تۆم کە بێیت بۆ لام، چونکە من لێرە شەو بەتەنیام‌و زۆر ئەترسم!

– ئازیزەکەم! گۆشتی ژێر دانەکانم لەچی ئەترسێت؟

– لەچەقەڵ، لەکەمتیار، لەسەر بۆرە بیانییەکان، لە هەمو شتێك ئەترسم!

– دەی باشە، ئەی لەمن ناترسیت؟

– چۆن لە تۆ ئەترسم ئێوە هاوڕێی ئێمەن، باوو باپیرانت هەر بە خواردنی گۆشتی ئێمە قەڵەو بوون.

سەر بۆر کە ئەوەی بیست دڵی زۆر خۆشبوو، وایزانی کە نێچیرێکی باش‌و گەمژەی دەستکەوتووە. پێی وت:

– کەواتە ڕێم بدە با بێمە ژوورەوە:

– نامەیە ژوورەوە، چونکە لەوانەیە بمخۆیت، کە منیشت خوارد ئەو جووجەڵانەی کە ئەوەندەیان نەماوە لە هێلکەکان بێنە دەرەوەو گەورە ببن، ئەمرن و ئەوسا تۆش هەموویانت لەکیس دەرئەچێت!

سەر بۆری گوێ قوت بڕوای بە قسەکانی مریشکە کونجە کرد، لە خۆشیا زمانی دەرهێناو دەمی لستەوە، پێی وت:

– زۆر ڕاست ئەکەیت، ئەی کونجەی خۆشەویست. ئەوا من لێرەم و تۆش لە هیچ کەس مەترسە. بێخەم خەریکی هەڵهێنانی جوجکەکانی خۆت بە مریشکە کونجە زانی کە فێڵەکەی سەری گرتووە، ئیتر بێخەم بوو.

– دوای "٢١ ڕۆژ" هێلکەکان هەڵهاتن. زەرد، ڕەش، ڕەش و سپی قاوەیی و خڕپن، خڕپن و بزێو.

مریشکە کونجە هەر لەسەر بۆر ئەترسا، لەبەرئەوە نەیئەوێرا لە کولانەکەی ژێر درەختەکە بێتە دەرەوە. لەژێر درەختەکەداو، کرمێکی ووردی زۆرو مێروولە هەبوون، مریشکە کونجە جووجەڵەکانی فێرکرد بوو کە ئەو کرمانە بخۆن، هەمیشە پێی ئەوتن:

– خڕبن، زل بن، لە چەقۆو خواردن بە دوور بن.

ڕۆژێکیان سەر بۆری گوێ قووت داوای یەکێك لە جووڵەکانی لە مریشکە کونجە کرد، ئەویش پێی وت:

– پەلە مەکە تا گەورەتر ئەبن ئەوسا هەمویان هەر بۆ خۆت ئەبن! پاشان مریشکە کونجە بە خۆی وت:

– پێویستە هەتا زووە فێڵێك بدۆزمەوەو لەم بەڵایە خۆم ڕزگار بکەم.

مریشکە کونجە هەر بیری ئەکردەوە تا گەیشتە ئەنجامێك. ئینجا بانگی سەر بۆری کردو پێی وت:

– ئەی مام ڕێوی بەڕێزو شکۆدار، چۆنە بچم بەدوای هەزار پۆپنەی ڕەنگاوڕەنگداو بیهێنم بۆ ئێرەو تا جووجەڵەکانم گەورە ئەبن ئەو بخۆیت؟

– بەڕاستتە؟ ئای کە خۆشە، کەی ئەچیت؟

– حەز ئەکەیت لەبەر خاتری تۆ هەر ئێستا ئەچم.

– باشە دەی خێراکە - زووکە - هەزار پۆپنەم بۆ بانگ کە.

– تۆ وەرەژوورەوە، بەڵام نەکەی دەست لە یەکێك لە جووجەڵەکانم بدەیت، ئەگینا کە هاتمەوەو یەکێکیان کەمبوون بە هەزار پۆپنە ئەڵێم ڕابکات بەوە گۆشتە خۆشەکەیت لەکیس ئەچێت.

– بڕۆ خەمت نەبێت. من وەکو چاوی خۆم ئەیانپارێزم. پاشان وتی:

زووکە - خێراکە - ڕاکە هەزار پۆپنەم بۆ بانگ کە مریشکە کونجە بەدڵنیاییەوە چوو بۆ گوندەکە هەموو هاوڕێی و منداڵانی تێگەیاند.

منالان هەر یەکەو دەستی دایە تێلایەك و یەك و بێ دەنگ چوون بۆ دارستانەکە. چوار دەوری درەختەکەیان گرت و "خولە" کە منالێکی زۆر ئازاو چاو نەترس بوو، جوان جوان بە پەڕۆیەك دەستی ڕاستی پێچاو چووە بەر کونەکەو دەستی برد بۆ ژوورەوە، ئەو کاتە منالەکان دەستیان کرد بە گۆرانیی و هۆ ڕێوی ڕێوی، ڕێوییەکەش ئەو کاتە لە هەموو شتێك تێگەیشت و زانی کە مریشکە کونجە فێڵی لێ کردووە. بەخۆی وت:

– ئای کە ڕێوییەکی گەمژەو هیچ نەزانیت، ئەی ئەو هەموو فێڵانە کوا کە باسیان دنیای گرتووەتەوە؟

سەر بۆر هەرچەندە پەلە قاژەی کردو قەپاڵی لە دەستی "خولە" ئەگرت سوودی نەبوو. خولە ملی گرت و ڕایکێشایە دەرەوە، دەست و قاچیان توند توند بەست و بەخۆشی و یاری و چەپڵە لێدان گەڕانەوە بۆ گوندەکە، دوای یاری پێکردن و نیشان دانی جووجەڵەکان و "تامی تامی" کردنی خنکاندیان و پێستەکەیان گورو، گۆشتەکەشیان وورد وورد کردو دایان بە مریشکە کونجەو جووجەڵەکانی بە بۆنەی گەڕانەوەیان بۆ گووندەکە.




نازه خان

ڕۆژێکیان باوکی نازە خان گەڕایەوە بۆ ماڵەوە. نازەخان بە ڕوویەکی خۆشەوە چوو بە پیرییەوە، دوای بەخێرهاتنەوە کردنی، نازە خان پێی وت:

- باوکە ئەم قوتووە ئەکەم بە دەغیلە.

باوکی پێی وت:

- کچە شیرینەکەم دەغیلەت بۆ چییە؟

نازە خان بە نازێکەوە وتی:

- باوکە گیان ئەی نەتزانیوە ئەمەوێ پارە کۆبکەمەوە؟

باوکی بە پێکەنینەوە لێی پرسی:

- کچەکەم بۆچی ئەوەندە پارەت هەیە کە کۆی بکەیتەوە؟ ئەی لە قوتابخانە هیچ خەرج ناکەیت!؟

نازە خان وتی:

- باوکە چۆن پارە خەرج ناکەم؟ تۆ ڕۆژی دوو دینارم ئەدەیتێ، منیش یەك دیناری خەرج ئەکەم ئەویش بۆ یارمەتی دانی دوکانی قوتابخانە!

- کچە شیرینەکەم چۆن یارمەتی دوکانی قوتابخانە ئەدەیت؟

- باوکە دوکانی قوتابخانە لەو شتانەی کە ئێمە ئەیکڕین قازانج ئەکات.

وەکو ئەمڕۆمامۆستاکەمان پێی وتین قازانجەکەی ئەدەن بە پێویستی ی قوتابخانەو هەندێکیشی ئەدەن بە پێڵاو بۆ قوتابییە هەژارەکان و لەسەری ساڵیشدا هەندێکی ئەدەن بە دیاری بۆ قوتابییە پێشکەوتووە زیرەکەکان. باوکی نازە بە خۆشییەکەوە وتی:

- نازە خان ئەی دینارەکەی تر؟

- باوکە ئەوەیان ئەخەمە ناو ئەم دەغیلەیەوە، کە زۆر بوو لەگەڵ دایکمدا ئەچین بۆ بازاڕو جلوبەرگی جوانی پێدەکڕم.

ڕۆژو هەفتەو مانگ هاتن و بەسەر چوون. نازەخان بەیەکەمی پۆلەکەی دەرچوو. لەو خەلاتەی کە بە پارەی قازانجی دوکانی قوتابخانە بۆ زیرەکەکان کڕرا بوو دیاری خۆی وەرگرت.

ڕۆژێکیان نازەخان دەغیلەکەی هێناو لەبەردەمی باوکو دایکیا هەڵی ڕشت. پارەیەکی زۆری تیا بوو. باوکی سەیرێکی دایکی نازەخانی کردو بە پێکەنینەوە وتی:

– ئای نازەخان پارەی زۆرە، لە ئێمە پارەی زۆرترە.

– ئەگەر ئێوەش وەکو من پارەتان کۆبکردایەتەوە ئەوە ئێستا لەمن زیاترتان ئەبوو.

باوکو دایکی نازەخان وەلامەکەیان زۆر پێخۆشبوو، پاشان باوکی لێی پرسی:

– ئەرێ نازەخان چی لەو هەموو پارەیە ئەکەیت!؟

نازە سەیرێکی دایکی کردو وتی:

– ئەها دایکە! خۆ باوکم لەبیری چووەتەوە.

دایکی وتی:

– کچەکەم باوکت چی لەبیر چووەتەوە!؟.

– ئای دایە تۆش!؟ ئەی من نەم وت لەگەڵ تۆدا پێکەوە ئەچین بۆ بازاڕو بەو پارەیە جلی پێدەکڕم؟

دایکو باوکی نازە دایانە قاقای پێکەنین، پاشان دایکی وتی:

– ئەری وەڵلا ڕاست ئەکەیت. باوکی تازە ئەوە بۆچی ئەوەندە زوو شتت لەبیر ئەچێتەوە!؟.

– داوای لێبوردن ئەکەم. ئەی کەی ئەچن بۆ بازاڕ؟

– بەیانی هەینییە، پێکەوە لەگەڵ نازەدا ئەچین و شتی جوانی بۆ ئەکڕم.

– زۆرباشە، ها ئەوە منیش ئەو پارەیەتان ئەدەمێ پێلاوی پێ بکڕن!

– سوپاس بابە.

– سوپاس بۆ تۆش نازەخان، چونکە بەو پارەیەی کۆت کردەوە زۆر یارمەتی منت داوە.



# بۆق بۆقیلە

مام هەسەن، هەموو ڕۆژێکی بەهار بۆ چاوتێر کردن لە دیمەنی جوانی گوڵو کانیو درەختەکان، بەرەو لای چەمەکەی خوار گوندەکەیان دەچوو. قیڕەی بۆقەکانو ئاوازی هەمە چەشنەی پەلەوەرەکان ئەیانخستە جیهانێکی پڕ لە شادیو خۆشییەوە. لەناو بۆقەکاندا بۆقێکی مەیلەو زەردی گەردن سپی قەڵەوی دەنگ ناسکی خۆشویست. ڕۆژێك مام هەسەن بانگی ئەو بۆقەی کرد:

– بۆق بۆقیلەی ناو ئاوێ، کەمێك وەرە تەنکاوێ، تا بتبینم بە بینایی چاوێ.

بۆقەکە کە گوێی لەو بانگ کردنو پیا هەڵدانە دابوو لە لەنجەولارو بازدان بەرەو ڕووی چوو پێی وت:

– مام هەسەن ئازارم مەدەو مەمگرە، هەموو ڕۆژێك بۆت دێمەوە تەنکاوێو گۆرانیت بۆ ئەڵێم.

ژنەکەی مام هەسەن، ناوی لەیلێ بوو. کە زانی مێردەکەی هەموو ڕۆژێك کە بەجێی ئەهێڵێو ڕوو ئەکاتە چەمەکە لێی ئەکەوێتە گومانەوە. زۆری پێ ناخۆش ئەبێ. بڕیاریدا لەوە بگات کە مام هەسەنی مێردی چی لە ژوور سەردایە؟

ڕۆژێك ماتە ماتە دوای ئەکەوێت. لەپاڵ درەختێکدا خۆی شاردەوە، بینی مام هەسەن بانگی بۆقەکەی کرد، بۆقەکە هات بە دەنگییەوەو دەستی کرد بە گۆرانی وتن بۆی. لەیلێی ژنی مام هەسەن بێدەنگ گەڕایەوە بۆ ماڵەوە. بێئەوەی بیەڵێت مام هەسەن پێی بزانێت لەدڵی خۆیدا بڕیاریدا کە تۆڵەی خۆی لە مام هەسەنو بۆقەکە بکاتەوە.

بەیانییەك زوو لەیلێ چووە سەر چەمەکە. لەوێ ئاگرێکی خۆشی کردەوەو بانگی بۆقەکەی کرد:

- بۆق بۆقیلەی ناو ئاوێ. بۆم وەرە تەنکاوێ. با بتبینم بە بینایی چاوێ.

بۆقەکە کە گوێی لەو قسانە بوو، بە بازدان بەرەو لای تەنکاوەکە چوو، لەیلیٚی ژنی مام هەسەن بەهەڵی زانی، دارێکی لەناو ئاگرەکە ڕاکێشاو نای بەدەمو چاوی بۆقەکەوەو پێی وت:

- ئەی بۆقی نەگریس، ئاوا تۆڵەی خۆمت لێدەکەمەوە، مێردەکەم لێدا گیر ئەکەیت؟

بۆقەکە بەدەم ئێش‌و ئازارەوە خۆی فڕێدایەوە ناو ئاوەکەو لەچاو وونبوو. ئیتر لەیلێی ژنی مام هەسەن بەدڵخۆشییەوە گەڕایەوە بۆ ماڵەوە، لەبەر خۆیەوە وتی:

- ئەو خەفەتەم نەما. ئیتر مام هەسەن دڵی ئەداتەوە بەمن.

دەمەو ئێوارە مام هەسەن بەرەو چەمەکە ملی نا. کە گەیشتە قەراخ چەمەکە بانگی کرد:

- ئەی بۆق بۆقیلەی ناو ئاوێ. تۆزێ بۆم وەرە تەنکاوێ. تا بتبینم بە بینایی چاوێ.

مام هەسەن سەری سووڕما کە بۆقەکە یەکسەر بە دەنگییەوە نەهات. خەفەت دایگرت. چەندجارێکی تریش هەر بانگی کردەوە، بەڵام بۆقەکە هەر بە دەنگییەوە نەهات. ناچار بەدڵتەنگییەوە گەڕایەوە بۆ ماڵەوە.

لەیلیٚی ژنی کە چاوی بە مام هەسەنی مێردی کەوت خەفەت دایگرتووە لەدڵی خۆیدا وتی:


- هەسەنەی هەژار، ئەوەندەی تر پەستو دڵگیر بیت بێسوودە، تازە بۆقە نازدارەکەت لە کیس چووە، دڵ بدەیت بە من چاکترە!

– مام هەسەن هەموو ڕۆژێك دەچوو بۆ چەمەکە. بانگی بۆقەکەی ئەکرد. تا ڕۆژێکیان بۆقەکە بەزەیی پیاهاتەوە دووراو دوور پێی وت:

– نە زۆر دێمو نەخەیڵێ، ژنەکەی تۆ ناوی لەیلێ، چاوی من سووتەیلێ!

– مام هەسەن کە بەوەی زانی گەڕایەوە بۆ ماڵەوە. سەر زەنشتی لەیلێی ژنی کرد، لەیلێش بەڵێنی دایە کە جارێکی تر شتی وا نەکاتو کارێك نەکات ئازاری دڵی مێردەکەی بدات.

➢ ئەم چیرۆکە فۆلکلۆرییە، من دیسانەوە دام ڕشتۆتەوە.



**مین و یادگار**

ئەو کاتە سالار لەشار گەڕا بووەوە. بەخۆشی خۆشی و بزەی سەر لێوانەوەو تۆپێك لەبن هەنگڵدا خۆی گەیاندە هاوڕێکانی. ئەوانیش هەر کە تۆپەکەیان دی بە هەڵداوان و قاو و قیژکردنەوە بەدەم بەخێرهاتن کردنییەوە بەرەو ڕووی چوون.

سیروان وتی:

– ئا بمدەری بەخوا تۆپێکی جوانە!.

ئاوات وتی:

– بیدە بەمن تۆماندوو بویت. با من بۆتی هەڵبگرم.

ئەوەندەی نەمابوو بەو هۆیەوە شەڕو هەلایەك لە نێوان ئەو دوانەدا بەر بابێت. بۆیە سالار وتی:

– ڕاوەستن هەرای ناوێت. وەرن با بچینە شوێنێکی پان و بەرین ئەوسا بە هەمووومان پێکەوە یاری پێدەکەین.

منالەکان لەدوای سالارەوە بە هەڵبەزو دابەز ڕۆیشتن. هەریەکەیان ئەیویست زیاتر خۆشەویستی ی سالار بۆ خۆی مسۆگەر بکات. کە گەیشتنە شوێنی مەبەست. سالار هاوڕێکانی کرد بە دوو تیپ، سالار تۆپی هەیەو بووە بەسەر گەورەی منالان. دەست کرا بەیاری کردن. مندالان سەر گەرمی ی یاری کردن بوون، یەکێکیان هێرشێکی هێنا، نەخێر لێی سەندرایەوەو بە شەقێکی قاییم تۆپەکە دوورکەوتەوە، خل بووەوە، خل بووەوەو کەوتە شوێنێکەوە کە هاتوو چۆکردنی قەدەغە کرابوو. نیشانەی (دژوار)ی تێدا چەقێنرابوو نە ئەبوایە کەس، تەنانەت ئاژەڵیش بەو ناوەدا تێپەڕیت چونکە کاتی خۆی شوێن ڕەبایەی سەربازەکانبوو، خەڵکی گوندەکە ئەیانزانی کە بە مین چێنراوەو، واتە مین ڕێژکراوە. ئەوسا سەربازەکان لە ترسا و بۆ ئەوەی پێشمەرگە هێرش نەکەنە سەریان خۆیان بە (مین) ئەپاراست. هەرچەندە خەڵکی گوندەکە ئاگاداری کۆمەڵەی (M - A - G) کە لە کوردستاندا خەریکی (مین) هەڵگرتنەوە بوون، بەڵام هێشتا سەرەیان نەهاتبوو کە بێن بە دەنگیانەوەو ئەو ناوەیان بۆ پاك بکەنەوە.

سالار بە چاوێکی پڕ لە ئەشك‌و دڵێکی پڕ لە ناسۆرەوەو وتی:

– سیروان خەتای تۆ بوو.

سیروان داکۆکی لە خۆی کردو وتی:

– نا، خەتای ئاری بوو من کە هێرشەکەم پووچ کردەوەو پاسم دا بەو، ئەویش زۆر بە تووندی ئەو شەقەی تێهەڵدا.

سیروان پرسی:

– باشە ئێستا چی بکەین؟

ئاری وتی:

– ڕاوەستن، هەر ئێستا من ئەچم بە ئەسپایی ئەڕۆم‌و ئەیهێنمەوە.

– ئاری ئەمەی وت‌و تەکانیدا بۆ پێشەوە، کە گوایا بە نیازە بەرەو شوێنی تۆپەکە بچێت. لەو کاتەدا مامۆستای گوندەکەیان چاوی لێی بوو، بە بانگ کردن‌و ڕاکردن بەرەو لای مناڵەکان چوو. بانگی لە ئاری کرد. ئاری ڕاوەستا. دیسانەوە بانگی کردەوە، ئاری گەڕایەوە بۆ لایان. دوای ئەوەی مامۆستا بە تەواوی ڕووداوەکەی زانی، پێی وتن:

– ئەرێ مناڵینە چەندجار ئامۆژگاریمان نەکردن کە نابێ بە هیچ جۆرێك توخنی ئەو ناوە بکەون یا هەر شوێنێکی تر کە نیشانەی :مین"ی تیا چەقێنرا بێت؟ مین نە ئەسپایی ئەزانێ‌و نە سووکە ڕۆیشتن چونکە هەر کە کەوتینە سەری‌و پێت نایە سەر کە پسوولەکەی دەست بەجێ ژیانت لە دەست داوە، یان قاچ‌و دەستت قرتاوە.

ئاری وتی:

– مامۆستا گیان، جارێکیان کە لەشار بووین‌و هێشتا نەگەڕابووینەوە بۆ ئێرە لە تەلەفزیۆندا فلیمێکم دی. ئەگتەرەکان کەوتنە شوێنێکەوە مین ڕێژ کرا بوو. فلیمەکە فلیمێکی جەنگی بوو. کوڕە ئازاکە قاچی کەوتە سەر یەکێك لە مینەکان، ماوەیەك

بێجووڵە مایەوە، سەیری ئەملاولای کردو پاشان خۆی بۆدوور هەڵدا، مینەکە تەقی و کوڕە ئازاکەش ڕزگاری بوو.

مامۆستا دایە قاقای پێکەنین و وتی:

– باوکەکەم شتی وا نییە، چونکە هەر شتێك بکەوێتە سەر مین وەکو بۆم باسکردن کە پسولەکەی دائەبەوێنی و کە لەسەری لاچوو هەڵئەستێتەوەو ئەتەقی و ئەبێ بەسەدان پارچەی ووردەوە کە بەر هەر شتێك بکەوێت ئەیکوژێ یا سەقەت و گێڕی ئەکات. ئەوەی لەو فلیمەشدا دیوتە فێڵی سینەماییەو لە ڕاستییەوە دوورە.

– مامۆستا مناڵە غەمبارەکانی لەگەڵ خۆیدا بردەوە بۆ ئاواییەکە. ئەوانیش هێز لە ئەژنۆیاندا نەمابوو؛ سست و هێواش بەڕێدا ئەڕۆیشتن. هەر ئاوڕیان بەلای تۆپەکەدا ئەدایەوە. سەیری ئەو "نازدارە"یان ئەکرد کە بە تەنیا و بێناز، دوور لەگەرمو گوڕیی بن هەنگڵی مناڵان لەناو "مین"ی خوێن ڕێژو قاچ و قوول پەرێندا کەوتووە.

خەڵکی گوندەکە لە ڕووداوەکە ئاگادار بوون. دڵخۆشی مناڵانیان بەوە ئەدایەوە کە شوێنێکی تایبەتییان بەیاری "تۆپێن"بۆ تەرخان ئەکەن و ئەمجارە "فتبۆڵ" یان بۆ ئەکڕن.

سالار پرسی:

– ئەی تۆپەکەی من؟

– کوڕە شیرینەکەم تۆ لە هەمو شتێك ئازیز تری، چونکە تۆ مرۆڤیت، هەر تۆپ زۆرە، یەکێکی ترت بۆ ئەکڕمەوە تۆپەکەی تۆش با هەر لەوێ بێ بۆ "یادگاری"

باو - باوکە چ یادگارێك ؟.

– کوڕەکەم ئەو یادگارەی کە زۆر شوێنی کوردستانەکەت لە خەڵکەکەی، هەتا لە ئاژەڵەکانیشی تا ئێستا قەدەغەیە.

چونکە "مین"ی تیا چێنراوە.



# کۆلارە

سۆزە خان بە خۆشییەوە لە دایك‌و باوكی پرسی:

- ئەرێ ئێوە پێم ناڵێن كەی "مووچە" وەرئەگرن؟

- سۆزەخان بۆچی ئەپرسیت؟.

سۆزە خان بە نازێكەوە خۆی لە دایكی هەڵسوو وتی:

- چونكە شتێك هەیە ئەمەوێ بۆم بكڕن.

- ئەو شتەی ئەتەوی بیكڕین چییە؟ پێمان بڵێ.

- پێڵاوێكە، هاوڕێكانم زۆریان كڕیویانە.

دایكی وتی:

- وەی بەسەر چاوان. باوكی سوزەخان، سۆزە ڕاست ئەكات زۆر كەس لەو پێڵاوەیان كڕیوە هەر ئەم نییەتی.

ئەمڕۆ بە سبەی ڕۆژی شادی خێزانی مووچە خۆر هات. سۆزەو دایكی چوونە فەرمانگەو دایكی سۆزە مووچەكەی وەرگرت. بەڵام ئەوەی بووە مایەی ئەندێشە بۆ فەرمانبەران "تاك دینار"ی كاغەز بوو. پلارو توانج لە هەموو لایەكەوە بەرز بووەوە، بەڵام كەس بەسەر خۆی نەهێنا.

سۆزە لەگەڵ دایكی چوونە بازاڕ. لەهەر دوكانێك "تاك دیناری كاغەز دەرئەهێنرا خاوەن دوكانەكە بە گرژییەوە ئەیوت:

- تاك دیناری كاغەز وەرناگیرین ناچێت

دایكی سۆزە بە تووڕەییەوە پێی ئەوتن:

- ئەی كەواتە بۆچی ئەماندەنێ؟ ئەی ئێمە چی لێ بكەین؟

- بیبەنەوە بۆ ئەو كەسەی ئەتانداتێ. ئەوە "مشكیلە"ی ئێمە نییە. كڕینی پێڵاوەكانی سۆزەخان تا ئەهات دوا ئەكەوت. هەر كە داوای ئەكرد پێیان ئەوت:

– کچم شتی تر هەیە کە پێویستە بە "پێنجی و دەیی" بیکڕین. پەلە مەکە ئەو "تاك دیناریانە" گۆبکەرەوە، خۆ جارێ زستان نییە قاچت قوڕاوی و تەڕ بێت.

مانگ لەدوای مانگ "تاك دیناری" ئەدراو هەر نەش ئەچوو. سۆزە هەموو تاك دینارییەکانی کۆئەکردەوەو بە هیوای ئەوەی ڕۆژێك بێت و بچێت و پێڵاوەکانی پێ بکڕێت ڕۆژێکیان بیرێکی سەیرو سەیرانەی هات بە بیردا. شووشەیەك کەتیرەی پەیدا کردو دەستی کرد بە نوساندنی "تاك دینارییەکان" بەیەکەوە، دایکی چاوی پێی کەوت، لێی پرسی:

– سۆزە گیان ئەوە چی ئەکەیت؟.

– دایکە گیان، ئەوە ئەو "تاك دیناریانە" ئەکەم بە کۆلارەو بەناوی گشت منالآنی "مووچە" خۆرانەوە ئەینێرم بۆ ئاسمان بۆ لای خوا گیان، بەڵکە بیخاتە دڵی بەر پرسەکانەوە بۆ ئەوەی:

یا ئەوەتا بە زۆر ئەبێ هەموو کەسێك وەری بگرێ، یاخود لەمەولا لەگەڵ مووچەدا نەیدەن" بە فەرمانبەران و ئەوانەش کە لایان کۆبۆتەوە لێیان وەربگرنەوە.

– سۆزە گیان وەڵلا بیرەکەت زۆر جوانە. ئەو کاتە بۆ خۆت "لێدە" ئەبیت بە خاوەنی جووتێك پێڵاوی تازەو نفت و نوێی خۆت.

* ئەم چیرۆکە لە ساڵی ١٩٩٩ لە بەرواری ٢/ ١٠دا لە ڕۆژنامەی هەرێمی کوردستاندا بڵاوکراوەتەوە.



# گوێچکەی کەروێشك

لای هـەموو کـەس وا بـاوە، ئەگـەر کەروێشـك بگـرن بەهــەردوو گـوێ درێژەکـانی ئەیگرن، چونکە کەروێشك پێی ناخۆشە وەکـو مریشـكو پەلـەوەرەکانی تـر بـە قـاچ بگیرێتو سەرەو خوار هەڵبگیرێت.

گوێچکەکانی کەروێشك زۆر درێژن. ئەڵێن گوایا لـە کۆنـا گوێـی کەروێشـك وەکـو ئێستا درێژ نەبووە. بەڵکە زۆر کورت بووە. ئەم کورتییەشی وای لێ کـردووە کە گوێـی لە هیچ نەبێت، خۆ ئەگەر دوژمنێك بۆی هاتبێت گوێی لە تەپەی پـێی نـەبووە. ئەوسا زۆر بە ئاسانی بووە بە نێچیرێکی خۆشو بەلەزەتو خوراوە.

ڕۆژێکیـان شـای کەروێشــکان هــەموو دەســتو پێوەندەکـانی کۆدەکاتــەوەو پێیـان ئەڵێت:

– پێویسـتە بـیرێك لـەباری ناهــەمواریی خۆمـان بکەینــەوەو چـارێك بـۆ ئـەم کـەم بیستنە بدۆزینەوە.

کەروێشکێکیان وتی:

– شاهنشـای بەڕێزو شکۆدار، بەڕاسـتی ئەوەندەمان نـەماوە کـە بەتــەواوی قـاتو قڕیمان تێبکەوێت.

شای کەروێشکان وتی:

– زۆر ڕاستە بەڵام ئەی چار چییە؟

لێرەدا کەروێشکێکی پیری دنیا دیئە هەڵدەستێو ئەڵێ:

– ئەگەر بەڕێزتان ماوەم بدەن من چارەیەکم لەلایە

هەموو کەروێشکەکان بەیەکجار وتیان:

– فەرموو، بیڵێ، بزانین چیيە؟.

کەروێشکە پیرەکە وتی:

- هەرچەندە ئەو چارەسەرەی کە دۆزیومەتەوە، کارێکی تۆزێك گرانەو ئازارمان پێ‌دەگەیەنێت، بەڵام لە پێناوی مانەوەماندا ئازار چەشتن شتێکی ئەو تۆ گرنگ نییە!

کەروێشکەکان هەموویان وتیان:

- بەڵێ ڕاستە. لە پێناوی مانەوەدا هەموو کارێك ئاسانە.

- شای کەروێشکان بە کەروێشکە پیرەکەی وت:

- دە فەرموو بیڵێ:

کەروێشکە پیرەکە وتی:

- با هەمووومان ببین بە دوو دەستەوە. بەشێکمان بچێتە کونێکەوەو ڕووی لە دەرەوە بێت، بە توندی دەستو قاچی لە زەوییەکە گیر بکات.

- بەشەکەی ترمان لە دەرەوە بێتو دەست بکات بە ڕاکێشانی گوێی ئەوانەی وان لە کونەکاندا، هەتا وورده وورده بەو ڕاکێشانە گوێی درێژ ئەبێت، پاشان نۆرەی ئەوانی تر دێت.

کەروێشکەکان ئامادە بوون لە پێناوی مانەوەدا هەر کارێك ئەگەر گرانو پڕ لە ئازاریش بێت بیکەن. لەبەرئەوە پشتگیرییان لە پێشنیارەکەی کەروێشکە پیرەکە کرد. بەڵام ئەوەی کە هەموویانی سەر سام کردبوو ئەوە بوو کێ لە پێشا ئامادەیە بۆ گوێ ڕاکێشان!؟.

ماوەیەك بێدەنگبوون. هەریەکە سەیری ئەوی تریانی ئەکرد. کەروێشکە پیرەکە وتی:

- من یەکەم کەروێشکم کە ئامادەم بۆ گوێ ڕاکێشان، چونکە خۆم خاوەنی پێشنیارەکەم.

شای کەروێشکان هەڵساو وتی:

–بۆ ئەوەی گەلەکەم بۆی دەربکەوێت کە چەندە حەز بەشادیو بەختیارییان ئەکەم، ئەوا منیش ئامادەم لە پێش هەموانا ئەو ئازارە بچێژم.


–هەر کە شای کەروێشکان ئەوەی وت لە هەموو لایەکەوە دەنگ بەرز بووەوە.

– من... من... منیش!

کەروێشکەکان بوون بە دوو دەستە "شا" لە پێشدا چووە کونێکەوە. دەست کرا بە گوێ ڕاکێشان. هەندێك لەتاو ئازار هاواری ئەکرد.

هەندێکی تریان خۆیان ڕاگراتبوو. ئەوەندە گوێی یەکترییان ڕاکێشا تا هەموویان گوێیان وەك ئێستا درێژ بوو...

ئیتر لەو کاتەوە کەروێشك گوێی درێژ بوو. زۆر بەباشی هەموو شتێکی ئەبیست. لەبەرئەوە ئەگەر چڵە پووشێك، گەڵایەك بەهۆی سروەی شەماڵێکەوە بجووڵێتەوە، یا خشپەی پێی گیاندارێك بێت ئەم گوێی لێ ئەبێتو هەستی بۆ ڕائەگرێت. ئەگەر زانی ئەو دەنگە جێی مەترسیو لەناو چوونە، گوڕ ئەداتە قاچەکانیو وەك تیسکەی تفەنگ بۆی دەرئەچێتو ڕزگاری ئەبێت.


ها ها
ها ها
ها ها
ها ها